

# دیموكراسی لەسەر بنەمای تەوافوق
# سیناریۆیەكی تری دژی دیموكراسی و فریوكارانەیە

سامان ئەحمەد

ماوەیەكە لەزاری جەلال تالەبانی و پاشان قەڵەم بەدەستانی تری كوردستانی نوێ باسی دیموكراسی لەسەر بنەمای تەوافوق هاتووەتە ئاراوە . مەبەستی ئەوان لەم زاراوەیە تەوافقی نێوان ئەو قەوم و مەزهەب و قەبیلانەیە كە خەڵكی عێراقیان بەسەردا دابەش كردووە و هەریەكەیان خۆی كردووەتە نوێنەر و خاوەنی هەریەك لەو خەڵكە . ئەوەی كە دەڵێن : دیموكراتیزەكردنی دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندی بە واقعی مێژوویی و كۆمەڵایەتی و كلتوری یەوە هەیە ، مەبەستیان ئەوەیە دەسەڵاتی قەوم و قەبیلە و مەزهەبەكان لە قەوارەیەكی سیاسی دا كۆبكەنەوە و لەسەر بڕی كورسی دەسەڵات و سەرمایە تەوافوق بكەن . ئەم زاراوە عەنتیكەیەی پێش هەڵبژاردنی سەراسەری لە عێراقدا بە ڕۆشنی ئەوە نیشان دەدات كە ئەوان پێشتر ناوەڕۆك و شێوەی دەسەڵاتیان دیاری كردووە دەیانەوێ لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە شەرعیەتی پێ بدەن و بە قیمەتی دیموكراسی بیسەپێنن بەسەر كۆمەڵگادا.

لە سیستمی دیموكراسی تەوافقی هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامی یەكانی عێراقدا پێش وەخت هەر هاوڵاتی یەكی عێراقی یە لەچوارچێوەی نەتەوەیەك و دینێك و مەزهەبێك و عەشیرەتێكدا پێناسە كراوە، دەنگ و ئیرادەی مۆری ئەو حزب و هێزانەی بەسەردا قەبڵێنراوە كە خۆیان كردووە بە خاوەن و نوێنەری ئەو نەتەوە یان دین یان مەزهەب و عەشیرەتە.بەم پێیەش دەنگدان و هەڵبژاردن لە عێراقدا لە دەنگدانی لە دەنگدانی سەرجەم دانیشتوانی عێراقەوە گۆڕاوە بە بە دەنگدانی قەوم و قەبیلە و مەزهەب و دینەكان ، زەینی كۆمەڵگا و تاك تاكی ئینسانەكان بەوە ئاگاداردەكرێتەوە هیچ زەمانەت و ماف و ئازادیەكی بۆ نامێنێتەوە ئەگەر دەنگی خۆی لەگەڵ حزبی یان حزبەكانی نەتەوەكەی یان دینەكەی یان عەشیرەتەكەی جووت نەكات . لەم سیستەمەدا ئینسانەكان ئازادن دەنگ بە حزبی قەوم و حزبی قەبیلە و حزبی مەزهەب و دینەكانیان بدەن و شەرعیەت بەدەسەڵاتیان بدەن. ئەگەر حزب و هێزەكانیش بەپێی ئاستی دەنگەكان لەسەر كورسی و بڕی دەسەڵات و سەرمایە ڕێك كەوتن و تەوافوقیان كرد ئیتر دیموكراسی قەومی و مەزهەبی و عەشیرەتی بەرقەرار دەبێ لە عێراقدا .

ئەمە چ جۆرە دیموكراسی یەكە لە بنەڕەتەوە خەڵك و كۆمەڵگای بە چەند ناسنامەو كێ بڕكێ یەكی دوژمنكارنە لەبەرامبەر یەكتردا دابەش كردووە، كورد لە دژی عەرەب ، عەرەب لەدژی كورد ، شیعە لە دژی سوننە ، سوننە لە دژی شیعە ...هتد. ئەگەر دیموكراسی بە مانای واقعی ووشەكە خێرێكی بۆ خەڵك و كۆمەڵگا هەبێت لەوەدایە كە لەم ڤایرۆس و میكرۆبی نەتەوەچێتی و مەزهەبی و تائیفی یە ڕزگاریان بكات ، نەك بە پێچەوانەوە ڕەسمیەت و شەرعیەتی پێ بدەن .

ئەمە چ جۆرە دیموكراسی یەكە ئینسانەكان لەجیاتی ئەوەی لە فەزایەكی سیاسی ئازادا بەرنامە و پلاتفۆرمی حزبەكان بناسن و دەنگی خۆیان بە باشترین بەرنامەو پلاتفۆرم بدەن ، بەڵام بەو بیانووەی كە كوردن یان شیعەن یان سوننەن دەنگی خۆیان بە حزبێكی كوردی یان حزبێكی شیعە یان حزبێكی سوننە بدەن. بۆ نموونە خەڵكی كوردستان یان باشوری عێراق ئەگەر تا سەر مۆخیش ناڕەزایەتی و بێدادیان لە دەستی ئەو حزبە كوردی و شیعانە هەبێت ، بەڵام تەنها ڕێگاو ئاسۆیەك كە دەخرێتە بەردەمیان ئەوەیە كە بۆزەمانەتی ژیان و چارەنووسی خۆیان لە دژی عەرەب و یان لە دژی كورد یان لە دژی سوننە ، دەنگی یان پێ بدەن تا ئەوانیش لە سەرەوە لەسەر دەسەڵات و سەرمایە تەوافوق بكەن . دیموكراسی لەم جۆرە جگە لەتوندكردنەوەی تەفرەقە و دوژمنایەتی كوێرانە لەناو خەڵكداو شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی ئەو حزب و هێزانە كە بە كردەوە سەلماندوویانە باوەڕیان بە سادەترین مافی مەدەنی و دیموكراسی نی یە، هیچی تر نی یە .

تالەبانی و حزبە ناسیۆنالیستەكانی كوردستان هەروەكو حزبە ئیسلامیەكان لە باشوری عێراق ، دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە بەم چەمكە تازەیە زەینی خەڵكی كوردستان بشێوێنن ، ناچاریان بكەن لە دژی عەرەب و شیعە و سوننە دەنگیان پێ بدەن . ئەوان هیچ بەرنامە و پلاتفۆرم و ئاسۆیەكی ڕۆشنیان پێ نی یە تا خەڵكی كوردستانی پێ ڕازی بكەن دەنگیان پێ بدەن ، باوەڕیشیان بە كەمترین دیموكراسی تەنانەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنیشدا نی یە كە هەموو حزبەكان ئازادانە و یەكسان چالاكی سیاسی خۆیان بكەن و بەرنامە و

پلاتفۆرمی خۆیان به خەڵك ئاشنا بکەن تا دەنگیان پێ بدەن ، دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە جارێکی تر خەڵك بەچاوو دەستی بەستراوەوە بخەنە بەردەم سنوقەکانی دەنگدان و بۆ دەورەیەکی تر شەرعیەت بە دەسەڵاتیان بدەنەوە . 12 ساڵ لەمەوبەر ئەم حزبانە سیناریۆیەکی تری دیموکراسی لەم جۆرەیان بەڕێ خست لە کوردستان دا ، کەڵکیان لە خۆشباوەڕی خەڵکی کوردستان وەرگرت و لەسەر بنەمای تەوافوقی دوو حزبی کوردی پەرلەمانێکی کارتۆنیان دروست کرد و شەرعیەتیان بە دەسەڵاتی حزبەکانی خۆیان دا ، 12 ساڵە نانی ئەو سیناریۆیە دەخۆن تا ئێستاش نەیانتوانی نەك حکومەت بەڵکو ئیدارەیەکی هاوبەش دابمەزرێنن .
سیناریۆی هەڵبژاردنی ئەمڕۆی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق لە سیناریۆی هەڵبژاردنی 1992 دژی دیموکراسی تر و فریوکارانە ترە . ئەمجارە کێشە و ململانێ تەنها لە نێوان دوو حزبی کوردستاندا نی یە ، ئەمجارە کێشەکە تەنها سەوزکردن و زەردکردنی خەڵك و کۆمەڵگا نی یە . بەڵکو شەڕ و دوژمنایەتی قەومی و مەزهەبی و تائیفی یە لە نێوان چەندین حزب و هێز و دەستە و تاقمی دژ بەیەکدا کە هەریەکەی داوای چمکێکی کورسی دەسەڵات دەکات ، ئەمجارە هەڵکێشانی خەڵك و کۆمەڵگایە لە زەلکاوی ململانێ و شەڕێکی قوڵ و بێ بن دا .
ئەگەر تاڵەبانی و هاوبیرانی باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە لەسەروو ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە بڕیار نەدەن و خواست و ئامانجی خۆیان و حزبەکانیان بەسەر خەڵکی کوردستان دا نەسەپێنێت ، ئەگەر تاڵەبانی باوەڕی بە دیموکراسی هەیە، دان بە مافی دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی کوردستاندا بنێت کە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن . نەك بێ پرس و ڕەزامەندی ئەوان بە چاوو دەستی بەستراوەوە چارەنووسیان لەناو وولات و لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا ڕابگرێت کە دەبێ بەزۆر تیایدا بژین و نوقمی جیاوازی و ململانێ ی قەومی و دینی و تائیفی یە .

2004 11 / 28